# ئەمەریکاو کورد.. دوو هاوکێشەی ناهاوسەنگ

## گفتوگۆیەک لەگەڵ سەردار عەزیز سەبارەت بەکاریگەری ستراتیژی نوێی ئەمەریکا لەسەر کورد

■ **ئا: ئاوێنە**

چەند رۆژێک لەمەوبەر جۆرج بوش سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەوتارێکی تایبەتدا ستراتیجی نوێی وڵاتەکەی لەعێراقدا راگەیاند. ئەم ستراتیجییە نوێیەی ئەمەریکا چ کاریگەرییەکی لەسەر کورد دەبێت؟ ناونەهێنانی کوردو ئاماژە نەکردن بەگرنگی سیستمی فیدراڵی چ پەیامێک بۆ ئێمە لەخۆ دەگرێت؟ گرنگی ئەمەریکا بۆ کوردو بەپێچەوانەشەوە گرنگی کورد بۆ ئەمەریکا لەچیدایە؟

سەردار عەزیز رۆژنامەنووسو لێکۆڵەری پەیوەندییەکانی کوردو ئەمەریکا لەمبارەوە بۆ ئاوێنە دەدوێت.

**ئاوێنە:** با سەرەتای گفتوگۆک ەمان بەوە دەستپێبکەین کە کورد لەکوێی ئەم ستراتیژییە نوێیەی ئەمەریکادایەو ئەو هەنگاوانەی لەم ستراتیجییەی نوێیەدا دیاریکراون چ کاریگەرییەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆیان لەسەر کورد دەبێت؟

**سەردار عەزیز:** مەبەستی سەرەکی ئەم ستراتیژیە سەرکەوتنە وەک ئەمەریکا دەیەوێ. ئەم راپۆرتە لە بنەڕەتا پشت بە راپۆرتێک دەبەستێ کە لەلایەن پارێزەرە نوێکانەوە پێشنیارکرا. ستراتیژیەکە لەلایەن فریدرێک کیگانەوە نوسراوە کە لاوێکی تەمەن ٣٥ساڵە و پرۆفیسۆری مێژووی سەربازیە، بەبەشداری ئەوانی تریش. فریدرێک لە گەڵ رۆبیرتی برایا لە هەرە ناسراوترین پارێزەرە نوێکانن و دەمێکە لە سەنتەری لێکۆڵینەوەکەیان سێنتر ئۆف ئیتەرپرایز و هەروەها گۆڤارە ناسراوەکەیان ویکلی ستاندەرد داوای زیاتر کردنی هێزی سەربازی ئەکەن. لەبەر زاڵبوونی چەمکی سەرکەوتن بە سەر راپۆرتەکەدا ناوی کورد نەهاتوە، چونکە لە کوردستان هیچ کێشەیەکی سەربازی بۆ ئەمەریکا نیە، و هێزە ئەمریکیەکان رووبەرووی هیچ بەربەرەکانیەک نەبوونەتەوە. سەرەڕای ئەمە راپۆرتەکە بە چەند شێوازێک کاریگەری لەسەر کورد هەیە. داواکردن بۆ داڕشتنی پلانێک کە داهاتی سامانی نەوت بە دەست حکومەتی ناوەندیەوە بێت و بەسەر هەموو خەڵکی عێراقدا دابەش بکرێت، داوایەکە بۆ وەڵام دانەوەی ئەو ترسەی کە لەنێو عەرەبی سوننەدایە، لە هەمانکاتدا نامەیەکە بۆ کورد کە ئەوان ناتوانن سەرپەرشتی داهاتی سامانی نەوتی کوردستان بکەن بە تەنها، یان بە لانی کەم وەک ئەوەی خۆیان دەیانەوێ. (هەرچەندە ئێستا بە نهێنی بڕیارێک لە ئارادایە بۆ رێگەدان بە فرۆشتنی زۆری بیرە نەوتەکانی عێراق بە کۆمپانیا ئەمریکیەکان، ئەم بڕیارە کە تائێستا بە ئاشکرا ووردو درشتی دیارنیە، رەنگە پلانێک بێت بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەی نەوت بە یەکجاری، بە کورتی عێراق وەک فەنزەویلای پێش چافێزی لێبێت، کە هەشتا لە سەدی خەڵکەکەی لە هەموو داهاتەکانی بێبەشبوون، ئەم بڕیارە قسەی زیاتر هەڵئەگرێ). لایەکی تر کە کاریگەری دەبێت لە سەر کورد ئەنجام دانی هەڵبژاردنە لە پانزەی کانونی یەکەمی ئەمساڵ و پاشان پێکهێنانی لیژنەیەک بۆ پیاچونەوەی دەستور. دیارە پیاچونەوەی دەستور دیسانەوە بۆ رەزامەندیکردنی سوننەکانە، بە تایبەت لە بواری فیدراڵیدا، چونکە تائێستا بە روونی دەسەڵاتی فیدراڵ و شێوازی فیدراڵ لە دەستوری عێراقدا دیارنیە. فشارخستنە سەر کورد بۆ ناردنی هێز بۆ بەغدا یەکێکە لە هەرە ترسناکترین لایەنەکانی ئەم بە ناو ستراتیژیە. یەکەم گوناهە خوێنی کورد لە پێناوی عێراقدا برژێ. دووەم ئەم یاریە زمانەوانیە کە گوایە کورد بەشێکن لە سوپای عێراق، نوکتەیەکی بێتامە، چونکە سوپای هیچ هێزێک نیە لە دونیا، لیوای هەبێ کە هەموو ئەندامەکانی سەر بەیەک ئەتنیک بن. ئێمە ئەبی لە مێژووی خۆمان ئاگاداربین، هەر بەهەمان شێوە کورد لە جینۆسایدی ئەرمەندا بەشداربوو، کە تا ئێستاش نیشانەی



**سەردار عەزیز کێیە؟**

**خەڵکی گەرمیانم، لەدایکبووی ساڵی ١٩٧٣م. ماوەی حەوت ساڵە لەشاری کۆرک لەکۆماری ئایرلەندای باشور ئەژیم. خوێندکاری دواساڵی کۆلێژی بەڕێوەبردنی حکومەتم. لەگەڵ خوێندندا کاری رۆژنامەنوسی (بەزمانی ئینگلیزی و کوردی)و کاری وەرگێران ئەکەم بۆ هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی. هەروەها ئەندامی ئینتستیتۆی کۆمەڵایەتی و ئابوریم کە دەزگایەکی ئایرلەندیە بۆ لێکۆڵینەوە لەبوارە جیاجاکانی کۆمەڵگادا. نامەی ئەمساڵی زانکۆم دەربارەی پەیوەندی کورد و ئەمەریکایە. بە هیوام ساڵی داهاتوو نامەیەکی ماستەر لە سەر پارێزەرەنوێکان و سیاسەتی ئەمەریکی لە زانکۆی ترینیتی لە دۆبلن بنووسم کە جێگام وەرگرتووە.**

گەمژەیەتی و شەرمەزاریە بۆ ئێمە. بۆ هەموان ئاشکرایە کە شیعە دەیەوێ بەغدا لە سوننە پاککاتەوە، و حکومی شیعە لە عێراقدا دابمەزرێنێ. ئایا کورد بۆ کێ و لە پێناوی چیدا خوێنی برژێ و دوژمنی زیاتری بۆ پەیدا بێت.

دەبوو کورد چاوەنواری بکردایە چونکە ئەم بە ناو ستراتیژیە تا سەر ئێسقان فاشیلە. کێشەی عێراق کێشەی هێز و پلانی سەربازی نیە، کێشەی عەقڵە، کە لەوە ئەچێ هەرگیز نەبێ بە میوان.

**ئاوێنە:** بەبڕوای تۆ ناونەهێنانی کوردو ئاماژە نەکردن بەگرنگی سیستەمی فیدراڵی لەوتارەکەی بوشداو لەبەرامبەریشدا پێداگرتنی لەسەر پێویستی پارێزگاری کردن لەیەکێتی خاکی عێراق چ پەیامێک بۆ ئێمە لەخۆدەگرێت؟

**سەردار عەزیز:** لە سەرەتادا ئەگەر دەقی ستراتیژیەژیەکە بۆ عێراقە بۆچی کورد ناوی نەهاتوە؟ ئەگەر وەک لە سەرەوە وتمان کورد کێشەی نەبێ ئەوا هیچ نەبوایە وەک نمونەیەکی باش یان وەک دەستخۆشیەک دەبوو ناوی بهاتایە. ناونەهێنانی ئێمە، جێی مەترسیە چونکە بە ناونەهێنانمان ئێمە لە بازنەی بیرکردنەوە دەربارەی عێراق دەچینە دەرەوە. بەجورێک لە هەموو پلانێک و ستراتیژیەتێکدا دەکرێنە دەرەوە، لە دەرەوە بونمان بە هیچ جۆرێ مایەی قازانجمان نیە، چونکە هەر چیەک لە هەر کوێیەکی عێراق ئەنجام بدرێ کاریگەری لە سەر ئێمە دەبێ، هەتا ئێمە بەشێک بین لە عێراقی یەکگرتوو!!

ئەمەریکا دەوێ عێراق فیدراڵی بێت، بەڵام سیستەمی فیدراڵی جۆری زۆرە، لە سەرەتادا فیدراڵی لای ئەمریکیەکان وەک سیستەمێک سەیر ئەکرا کە ببێتە رێگر لە بەردەم سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆریەت لە عێراقدا، وەک ئەوەی لە ئەڵمانیا پاش جەنگی جیهانی دووەم پیادەیانکرد، کەواتە سیستەمێک بوو بۆ ئایندە. بەڵام ئێستا هەموو شتەکان گۆڕاون، ئەمەریکا خەمی گەورەی ئەوەیە چۆن لە ئێستادا سەقامگیری بەدەستبهێنێ و بە زووترین کات بڕوات. بۆیە فیدراڵیەت دەبێتە یەکێک لەو خاڵانەی کە گۆڕانی بەسەرادێت و ئەمەریکاش رازی دەبێت بە هەرجۆرێک بێت

بەڵام ببێتە مایەی سەقامگیری. کێشەی یەکێتی خاکی عێراق ئاڵۆزە. بە هەموان ئاشکرایە کە شتێک نەماوە ناوی عێراق بێت. دان پیانەنان بەم راستیە مایەی ئەو هەموو کوشت و کوشتارەیە. نەمانی عێراق لە هەموو رەهەندێکی سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتیدا بە ئاشکرا دیارە، بەڵام نەوتنی کێشەیەکی زمانەوانیە، وەک کێشەی شەڕی ناوخۆ. بۆ نموونە، بۆچی ناتوانرێت سوپای عێراق پێک بهێنرێت، چونکە کەس نەماوە لە عێراقدا خۆی بەعێراقی بزانێت. دیارە لە خیتابی عەرەبی سوننەدا عێراق دەبێ یەکگرتووبێت چۆنکە ئەوە تەنها رێگایە کە ئەوان ئەتوانن تیایا ببنە خاوەنی هەموو شتێ. لای شیعە عێراق دەبێ یەکگرتووبێت کاتێک کە ئەوان حاکمی بن، لە ناو ئەم عێراقە یەکگرتوەدا ئەوان خاوەنی فیدراڵی خۆیان بن، بە مانایەکی تر شیعە حاکمی خۆی بێت و هەروەها حاکمی ئەوانی تریش. لە ئەمەریکا قسە و باسێکی زۆر لە سەر دابەشکردنی عێراق هەیە، بە گشتی لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات هەروەها لە نێو بازنەی دەسەڵاتیشدا بە تایبەت پلانی سینەتۆر جۆزیف بایدن. دیارە ئەم ستراتیژیە دژ بە دابەشکردنی عێراقە بەڵام زۆر لەوە ئاگادارن کە نەک ستراتیژیەت هیچ هێزێک ناتوانی جارێتر عێراق وەک خۆی بەرهەم بهێنێتەوە.

**ئاوێنە:** لەم ستراتیجییەدا باس لەپێویستی بەرەنگاربوونەوەی ئێرانو سوریاو دەرپەڕاندنیان لەعێراق دەکرێت، ئەو هێرشەی کرایە سەر کونسولگەری ئێران لەهەولێر چ پەیامێک بۆ دەسەڵاتدارانی کوردستان لەخۆدەگرێت کە لەگەڵ ئەو دوو رژێمەدا مامەڵە دەکەن ئەمەریکا بەپشتیوانیکردن لەتیرۆرو ئاژاوە خستنە ناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە تاوانباریان دەکات؟

**سەردار عەزیز:** پلانی لێدانی ئێران بە جدی لە ئارادایە. ئەم پلانە ئێستا لە سەرەتایدایە، بە هاتنی هێزی سەربازی ئەمریکی زیاتر بۆ ناوچەکە، بە ئابلۆقە خستنە سەر ئێران، بە داڕشتنی پلانی بە فیدراڵکردنی ئێران. چاوەنواردەکرێت لەم چەند هەفتەی داهاتوودا هێرشی پروپاگەندە و میدیا بۆ سەر ئێران بە چڕی دەستپێبکات. دیارە پاش عێراق پلان نیە بۆ

هێرشی سەربازی بۆ چونە ناو ئێرانەوە ئەمەش لەقسەی وەزیری بەرگری ئەمەریکا ئاشکرابوو کە وتی هیچ سەربازێکمان پێنانێتە ناو خاکی ئێرانەوە. پلانی لێدان و لاوازکردنی ئێران چەند پاڵنەرێکی بەهێزی هەیە. یەک دیموکراتەکان زیاتر لە کۆمارییەکان دۆستی ئیسرائیلن، بۆیە ئەوەندە دژ بە لێدانی ئێران ناوەستن. دوو ئێران بە ئاشکرا دژ بە ئەمەریکا و ئیسرائیلە، بەشێکی زۆری شکستی ئەمەریکا لە عێراق هۆکارەکەی بۆ ئێران دەگەڕێتەوە. سێ، ئەگەر ئەمەریکا لە عێراق بدۆڕی ئێران دەبێتە بەهێزترین وڵاتی ناوچەکە، بەتایبەت لە کاتێکا کە دەیەوێ ببێتە خاوەن هێزی ئەتۆمی، ئەمە بۆ ئەمەریکا و بۆ بەرژەوەندی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا زەرەرمەندە. لە بەر ئەم هۆیانە ئیدارەی بۆش زۆر بەدڵنیاییەوە هێرشی سەربازی ئەکاتە سەر ئێران پێش ئەوەی کاتی حوکمی تەواو بێت.

رووداوی گرتنی دیپلۆماتە ئێرانیەکان لە بەغا و پاشان لە هەولێر کە لە هەردوو رووداوەکەدا پەیوەندی بەکوردەوە هەبوو، لە میانەی ئەو پلانەدایە بۆ هێرشکردنە سەر ئێران. لێپرسراوانی کورد بە زانیاریی ئەمەریکا و بە رەزامەندی ئەمەریکا لەگەڵ ئێراندا پەیوەندیان هەیە. بەڵام هەڵسوکەوتەکانی ئەم دواییە نیشانەی ئەوەن کە هێزی خاوەن سیادە یان سۆڤیرن لە عێراقدا ئەمریکیەکانن. ئەمەریکا گەر بیەوێ هەر کارێ ئەنجامدات کە لە بەرژەوەندی ئەمەریکادا بێت ئەوا دۆست و هاوپەیمان لە بەرنامەیدا نیە. بۆشی باوک گوتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێت شێوازی ژیانی ئەمەریکا بۆ لێکدانەوە و رەخنەگرتن نیە، ئەمە بە هەمانشێوە بۆ سیاسەتی ئەمەریکا راستە.

ئەمەریکا بە قسەی خۆی هاتوە بۆ عێراق بۆ هێنانی دیموکراتیەت، بۆ گۆڕانی سیستەم و کۆمەڵگا و ئابووری، ئەمەریکا دەتوانی ئەمانە ئەنجامدات چونکە خاوەن بەهێزترین سوپای دونیا و دەوڵەمەندترین وڵاتی دونیایە، ئەم جۆرە خیتابە هەر هەموو تا سەر ئێسقان ئۆریانتالیزمە، بە مانایەکی تر خیاتبی کەسێکە کە لە ئاستێکی بەرزدایە دەیەوێ کەسێکی تر کە لەئاستێکی نزمدایە بکاتە شارستانی، بۆیە رێز نەگرتن لە کورد و هاوپەیمانێتی و شتی تر لەم بابەتە بە هیچ جۆرێ مایەی سەرسوڕمان نیە. پەیوەندی کورد لەگەڵ سوریادا پەیوەندیەکی هێندە بەهێز نیە. سوریا وڵاتێکە کە هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە کە گوێی لێبگیرێت و رژێمەکەی بمێنێتەوە. خەمی گەورەی ئەمەریکا ئێرانە. سوریا بە ئاسانی دەتوانرێت رژێمەکەی بگۆڕدرێت بەڵام تاکە ئەڵتەرناتیڤ لە سوریادا ئیخوان موسلمینە، کە بە دڵنیاییەوە بەلای ئیدارەی ئەمریکیەوە ئەسەد زۆر لە ئیخوان موسلمین باشترە. لە لایەکی ترەوە ئەسەد ئامادەیە هاوکاری بکات ئەگەر مەترسی لە سەر لاببرێت. هیچ کاتێک سوریا مایەی مەترسی نەبووە. سنوری سوریا و ئیسرائیل هێمنترین و بێئاژاوەترین سنورە لە ناوچەکەدا هەرچەندە ئیسرائیل خاکی سوریاشی داگیرکردوە لە جۆلان.

**ئاوێنە:** بەبڕوای تۆ گرنگی ئەمەریکا بۆ کوردو بەپێچەوانەشەوە گرنگی کورد بۆ پیادەکردنی سیاسەتەکانی ئەمەریکا لەم ناوچەیەو لەجیهانی ئەمڕۆدا لەچیدایە؟

**سەردار عەزیز:** ئەمەریکا پێویستی بە کورد هەیە بۆ گۆڕان و جێبەجێکردنی پلانەکانی. بەڵام ئەم پێویستیە مانای ئەوە نیە کە ئەمەریکا ئامادەیە هیچ بۆ کورد بکات. ئەمەریکا دەیەوێ کورد بەکاربێنێت. مەترسیەکی گەورە لە ئارادایە ئەوەیە کە ئێمە وەک نەتەوەیەک لە مێژوودا زۆر بە ئاسانی لەلایەن هێزە جۆراوجۆرەکانەوە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بە کارهاتووین بەبێ ئەوەی هیچ دەستکەوتێکمان بەدەستهانی بێت. بیرکردنەوە لەم دیاردەیە تەزوو بە لەشدا ئەهێنێ.

لە سەرەتادا ئەم دیاریدەیە ئەوەمان پێئەڵێت کە بەلای هەموو هێزەکان لە مێژوودا و ئێستاش ئەمەریکا وا باشە کە ئێمە هیچ بە دەستنەێنین چونکە هەر کە بوین بە خاوەن هەر شتێک ئیتر ئامادە نین لە دەستی دەین بۆیە لە ئەنجامدا بە ئاسانی ناچینە نێو هەموو شەڕەکانەوە. بۆیە مایەی سەرسوڕمان نیە ئەگەر ئەمەریکا تەنها وەک دەسکەلایەک لەگەڵ ئێمەدا مامەڵەبکات و بیەوێ تەنها وەک دەسکەلایەکیش بمێنینەوە.

بۆئەوەی ئەم مێژووە دووبارە نەبێتەوە پێوسیتە ئێمە ببینە بەرامبەر، بە مانایەتر ئێمە ببینە خاوەن ناسنامە، داخوازی، پلان، هێز، ئەمانەش بە دیموکراسیەتکردنی دەسەڵاتی کوردی دێت، بە کردنەوەی دەسەڵاتی کوردی دێت، بە گۆڕانی دەسەڵاتی کورد دێت بۆ دەسەڵاتی گەڵێک نەک کۆمەڵی خەڵک یان چەند حیزبێک. ئێمە وەک نەتەوەیەک رووتین و هەموو لاوازیەکانمان بەدەرەوەیە. ئەگەر سبەینێ لە بەرژەوەندی ئەمەریکادا بێت یەکێتی و پارتی بەشەڕ بێن دوو سبەی ئەوان بەشەڕ دێن. ئێمە لەگەڵ ئەمەریکا، ئەمەریکا لەگەڵ ئێمە دوو هاوکێشەن کە هاوسەنگ نین.

**ئاوێنە:** کەواتە لەسایەی ئەم گێژەنەی عێراقو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی تێکەوتووە باشترین کارێک کە کورد بیکات چییە؟

**سەردار عەزیز:** کورد دەبێت خاوەن ستراتیژیەتی خۆی بێت. ئەم ستراتیژیەی ئەمەریکا جگە لە پلانێکی سەربازی فاشیل هیچی ترنیە، بەڵام دەبێ ئێمە هەردەم ئامادەبوونی خۆمان بسەلمێنین، هێزەکانمان بۆ بەرژەوەندی خۆمان بەکاربێنین. خۆمان هێندە بە لاواز و کەم و بێدەسەڵات تەماشانەکەین. دەبێ ئێمە لە گۆڕانەکان تێبگەین، پێشیان بکەوین، لە یەک کاتدا بە چەند رەهەندێک ئیش بکەین، کە هەندێ جار رەنگە رەهەندی دژ بەیەکیش بن. سیاسەتی کوردی پێویستی بە مانیفیستێکە. ئێمە توانامان هەیە رووداو بخولقێنین، نەک هەردەم چاوەنواری ئەوەبین رووداو رووبدات.

گەورەترین قەیران کە سیاسەتی کوردی تووشی بووە قەیرانێکی فەلسەفیە. ئێمە پێوستمان بە کتێبێکی بچکۆلەیە بۆ ئەوەی بۆ خۆمان و بۆ دونیای روون کەینەوە کە چیمان دەوێ، چۆن دونیا دەبینین، خەونمان چیە، ئامانجمان چیە، ئێمە کێین، بۆچی بەم شێوەیە لە گەڵ دونیادا لە پەیوەندیداین. کتێبێک وەک کتیبەکەی سان تزوی چینی، وەک میری میکیاڤیللی، وەک دەوڵەتی جوولەکەی هێرتزل، وەک مانیفێستی مارکس و ئینجلز، وەک نامە فیدراڵیەکانی مادسن.

من نازانم ئایا بەراست تاچەند لێپرسراوانی کورد بڕوایان بە عێراق ماوە. لە عێڕاقدا کەس بڕوای بە کەس نیە. هەموو کەس بە گومان و ترسەوە لە ئەویتر ئەنوارێ، عێراق هیچ بنەمایەکی پێکەوە ژیانی تیانەماوە. هەرجۆرە دەوڵەتێک لە عێراقدا بێتە کایەوە یان دەبێ دەوڵەتێکی دیکتاتۆری بێت یان دەوڵەتیکی کارتۆنی، هیچ کام لەو دووانە لە بەرژەوەندی کورددا نین.

کێشەی گەورەی ئێمە لەگەڵ تورکیادایە، رەهەندێک کە ئێمە کاری بۆ ناکەین. تورکیا تەنیا هێزێکە کە رێگا لە سەربەخۆیی کوردستان دەگرێت بۆیە دەبێت سیاسەتی کوردی قورساییەکی زۆر بخاتە سەر ئەو لایەنە، چ لە رێی ئەوروپای یەکگرتووەوە یان ئەمەریکا یان راستەوخۆ تورکیا خۆی. تورکیا لە ساتەوەختێکی پڕ لە ئازاردا ئەژی، ساتەوەختێ کە هەموو تراویلکەکانی دەڕەوێنەوە، بەڵام نایەوێ بە ئاسانی لێی دەستبەرداربێت. ئێمە نابێ پشت بە دۆستایەتی ئەمەریکا ببەستین نابێ دوژمنایەتیشیان بکەین دەبێ سیاسەتیان لەگەڵابکەین.

لە کۆتاییدا ئەم ستراتیژیە هێندەی تر ئەمەریکا تەنها و لاواز ئەکات لە عێراقدا. لابردنی هەردوو جەنەراڵ جۆن بەبی زەید و جۆرج کەیس نیشانەی ئەوەن کە هەردوو جەنرەڵ بە ستراتیژیەکە نارازی بوون و بە سەرکەوتویان نەئەزانی.

# روونکردنەوەی وەزارەتی مافی مرۆڤ

بۆ رۆژنامەی (ئاوێنە)ی ئازیز
سڵاو...

لە ژمارە (٤٩)ی رۆژی سێشەممە ٢٠٠٦/١٢/١٩ رۆژنامەکەتان لە لاپەڕە (٥) دا بابەتێکتان بڵاوکردۆتەوە بەناوی (لێبوردنە گشتیەکەی سەرۆکی هەرێم وەک گیسکەکەی هەیاسی خاسی لێکردووە)...

لەم باسەدا لە هەندێ پەرەگرافدا ناوی وەزارەتی مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتوە کە سەردانی زیندانیانی کردوە و وەک برای نوسەر دەڵێ (باشە بۆ چی بوو؟ ئەو سەردانانە هەر بۆ ئەوەیە کە بە زیندانییەکان بڵێن وەزعتان چۆنە و ئیشتان نییە خواحافیز... دوایش هیچیان دیار نەبێت ...)

دیارە وەزارەتی مافی مرۆڤ دوای ئەوەی سەردانی بەندیخانەکانی کوردستانی کرد و هەر زوو بە زوو راپۆرتێکی لەسەر وەزعی بەندیخانەکان و زیندانیان ئامادە کرد و رەوانەی سەرووی خۆی کرد و لە ناویدا دەستنیشانکردنی رەزامەندی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە سەر دەرچوونی بڕیاری لێبوردنی گشتی و دەمانەوێ ئەو حەقیقەتەش بڵێین کە وەزارەت مەسەلەی لێبوردنی گشتی لە سەرەتاوە وروژاندوە. هەر لەبەر گرنگی مەسەلەکە پەرلەمانی کوردستان لە رێگای لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمان کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بۆ ئەم مەسەلەیە ئەنجامدا و هەر سێ وەزیری (مافی مرۆڤ و داد و ناوخۆ)ی میواندار کرد و بە درێژی باسی ئەم لێبوردنە و رەوشی بەندیخانەکان کرا و لەبەر رۆشنایی ئەم هەموو سەردان و کۆبوونەوانە لەم رۆژانەدا سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی کوردستان پێیراگەیاندین کە لەم رۆژانەدا (پرۆژەیەکی لێبوردنی گشتی – مان رەوانەی سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستان کردوە و چاوەڕێی وەڵامدانەوەین..)...

١. کەواتە برای نوسەر... حەز دەکەین هەموو لایەک بۆ ئەم مەسەلەیە بزانن کە وەزارەتی مافی مرۆڤ هەر تەنها بۆ (چاک و چۆنی) سەردانی بەندیخانەکانی نەکردوە، بەڵکو بەردەوامبوە لە هەوڵەکانی خۆی، چونکە مەسەلەی (چاککردنی کۆمەڵایەتی) لە پێشەوەی کارەکانیەتی و دەرکردنی (بڕیاری لێبوردنی گشتی)یش ئەوەندە ئاسان نیە بە (گیسکەکەی هەیاسی خاسی) ئەم نوسەرە بەرێزە وەسفبکرێ.

**بەرێوەبەرایەتی راگەیاندن**
**لە وەزارەتی مافی مرۆڤ**